زانكۆی سەلاحەدین-هەولێر
Salahaddin University-Erbil



# دەقە ئەدەبییەکان


مامۆستای بابەت: شاهین حمدامین
ئیمەیل:Shein.ameen@su.edu.krd






# سالم

## ١٨٠٥ – ١٨٦٩

- 

- ناوی **عەبدوڕەحمانی کوڕی محەمەد بەگی ساحێبقڕان** و ئامۆزای **مستەفا بەگی کوردییە** ، ساڵی **١٨٠٥** لە **سلێمانی** هاتۆتە دنیاوە. یەکێکە لە سێکوچکەی بابان (**نالی ، سالم ، کوردی**) کە قوتابخانەی شیعری بابانیان دامەزراندووە. ڕووخانی میرنشینی بابان و داگیرکردنی سلێمانی و دەوروبەری لەلایەن تورکانەوە و ، ستەم و زۆرداریی لە دژی خەڵکی کورد ، تەئسیرێکی زۆریان لە سالم کردووە و لە شیعرەکانیدا ڕەنگ دادەتەوە و ، بەوە بۆتە یەکەم شاعیری کرمانجی خواروو کە بەشێوەیەکی بەربلاَو شیعری نیشتمانیی نووسیوە. هەر لەبەر ئەو زوڵم و ستەمەش بۆ **تاران** سەری خوی هەڵگرتووە و ، دوایی هاتۆتەوە **سلێمانی** و ساڵی **١٨٦٩** لەوێ مردووە. شیعری نالیی زۆر تەئسیری تێکردووە و ، شیعرەکانی بە زۆری دڵداری و نیشتمانین.

- میهر : خۆشەویستی.
- داو : تەڵە ، شوێنی گرتنی مەل.
- گوزار : تێپەڕین ، بوار.
- مورغ : مەل.
- مەردوم : گلێنەی چاو ، بیلبیلە.
- ڕەعد : هەورە گرمە.
- سەیلاب : لافاو.
- ئەشك : فرمێسك.
- كولبە : كۆختە ، كووخ.
- هەرشەو : هەموو شەوێ.
- دەر : دەرگا.
- زموستان : زستان.

- سایە : نیسێ ، سێبەر.
- عەكس : تیشك دانەوە.
- دیدە : چاو.
- سروشك : فرمێسك.
- قەترە : تنۆك ، دڵۆپە.
- سەودا : عەشق و ئەوین.
- زولف : پرچ.
- سەودای خاو : ئەوینی بێ ئاكام ، بێ ئاكامی ئەوین.
- ڕەقیب : نەیار ، دوژمن.
- گڵاو : شتێك بەهۆی سەگەوە پیس بووبێت.
-

- سەیوان : گۆڕستانی گردی سەیوانی ڕۆژهەلآتی سلێمانی.
- شەخس : کەس ، مرۆڤـ.
- نەزەر : تەماشا.
- جۆبار : جۆگەی گەورە.
- لێلآو : قوڕاو ، لیخن ، شلوآ. چەشمەسار : کانی ، سەرچاوە.
- بەسەر : بینایی.
- شیو : دۆل.
- بەس موشکیلە : زۆر زەحمەتە.
- مەکان : شوێن.
- نەعرە : نەڕە ، دەنگ و هاواری بەرز.
- شین : شین و شەپۆڕ و گریان.
- جا : جێ ،شوێن.
- شۆر : ئاژاوە ، شەڕ و فیتنە.
- کەسەر : خەمی گران.
  فەزا : مەیدان ، جێگە.
- بازیگەهـ : یاریگە.
- کەژدوم : دووپشك.
- سەحرا : دەرودەشت.
- سەید : ڕاو.
- سەییاد : ڕاوکەر.
- فەلەك : گەردوون.
- تیرقەد : بەژن و بالآ وەك تیر ڕێك و ڕاست.
- تەرکیب : پێکهاتە
- مەتلەعی خوڕشید : شوێنی هەلآتنی ڕۆژ.
- تەشنە : تینوو.
- خوشکیدە : وشك بوو.
- شەجەڕ : دار ، درەخت.
- هەی خواڕۆ! : هەی خوایە هاوار!
- ڕەهزەن : ڕێگر ، جەردە ، چەتە.
- لە غەیبەوە : لە نەدیو و نادیارەوە.
- ئەلحەزەر : (الحذر) ئاگاتان لە خۆبێت.

## کوردیی

١٨٥١ – ١٨١٢

ناوی مستەفا بەگی کوڕی مەحمود بەگی ساحیبقڕانە ، ساڵی ١٨١٢ لە سلێمانی لە دایکبووە و لەوێش خوێندویەتی. گەلێك جار بەهۆی ستەمی تورکە عوسمانییەکان نیشتمانی بەرەو ئێران بەجێهێشتووە و لەوێ لای خزمەکانی ماوەتەوە. شیعرەکانی زۆر ڕەوان و سادە و پاراون و بەشی زۆریان دڵدارین. کوردیی دواجار گەڕاوەتەوە سلێمانی و ساڵی ١٨٥١ کۆچی دوایی کردووە.

- لامیع : درەوشاوە و بریسکەدار.
- دۆش : شان.
- پڕنێش : پڕ لە چزوو.
- خوومە : پیشەمە.
- کوشتە : کوژراو.
- توندبوو : توڕەبوو.
- دوو سەد وەك تۆ : دوو سەتی وەك تۆ.
- لە هەرسوو : لە هەموو لایەك.
- ئەبروو : برۆ.
- خوان : سفرە.
- وەسڵ : پێكگەیشتن.
- نەومێد : نائومێد.
- زار : بە هاوار گریاو.
- مەحڕوم : بێ بەش.
- زەخم : برین.
- کاری : کاریگەر ، سەخت و بە تەئسیر.
- تیرەباران : گوللە باران.
- نیگا : تەماشاکردن ، ڕوانین.
- جادوو : سیحر.
- گیسوو : پرچ ، قژ.
- ڕەسم : عادات.
- مەعدووم : نەبو ، پێچەوانەی مەوجوود (هەبوو).

- ✐ گرفتار : گیرۆدە ، پێوەبوو.
- ✐ ڕووت : ڕووی تۆ ، بێ بەرگ و ڕووت.
- ✐ نیمە : نیوە نووستوو ، خەواڵوو.
- ✐ ئەنگووت : هەڵات.
- ✐ شەکیب : سەبر و ئارام.
- ✐ تابوور : کۆمەڵە سەربازێك کە ژمارەیان لە نێوان (٨٠٠ – ١٠٠٠) کەسدایە.
- ✐ چاهـ : چاڵ.
- ✐ هاڕووت و ماڕووت : دوو فریشتەن ، دەڵێن لە چاڵێکدا سەرەوبن هەڵواسراون.
- ✐ دڵجوو : دڵگیر.
- ✐ یانە : یان.
- ✐ خونچەیی کام : خونچەی ئارەزوو.



# مەحوی

١٨٣٠ – ١٩٠٦



# مەحویی

## ١٨٣٠ – ١٩٠٦

- ناوی مەلا محەمەدی کوڕی مەلا عوسمانی باڵخییە و ، لە نەوەی (شێخ ڕەش)ی شێخ و زانای ناودارە ، ساڵی ١٨٣٠ لە گوندی (باڵخ)ی ناوچەی (ماوەت) لە دایکبووە. بۆ خوێندن چۆتە سنە و سابلآغ و دوایی هاتۆتەوە سلێمانی و پاشان چۆتە بەغدا و بۆتە فەقێی موفتی زەهاویی و لەسەر دەستی ئەو ئیجازەی مەلایەتیی وەرگرتووە. ماوەیەك لە مزگەوتی (ئیمامی ئەعزەم)ی بەغدا مەلابووە و ، دوایی هاتۆتەوە سلێمانی و لەوێ خەریکی دەرس گوتنەوە بوە و ، چەندان زانای بەناوبانگ لەسەر دەستی پێگەیشتوون. ساڵی ١٨٨٣ چووە بۆ حەج و لەوێوە چۆتە ئەستەنبوول چاوی بە (سوڵتان عەبدولحەمید) کەوتوە و ، سوڵتان ڕێزێکی زۆری لێگرتووە و ، فەرمانی داوە خانەقایەکیان لە سلێمانی بۆ دروست کردووە کە ئێستا بە خانەقای (مەحویی) بەناوبانگە.
- نێوەرۆکی شیعرەکانی شانازیی و دژایەتی کردنی ستەم و ڕیابازیی و باس کردنی فەلسەفە و ڕاستیخوازیی و عەشق و جوانیی و خۆشەویستی و خواناسیی و سۆفیگەریی دەگرێتەوە ، شیعرەکانی ورد وو قوڵن و ، تاقە شاعیری کوردە کە لە چەند شیعرێکیدا گەیشتۆتە ڕیزی نالیی. ساڵی ١٩٠٦ کۆچی دوایی کردووە لە سلێمانی نێژراوە.

- بیٚ نەوا : هەژار و داماو.
- سەیل : لافاو ، سیٚلاو ، لیٚشاو.
- ئەمان : ئامان ، ئەمین بوون.
- دڵدۆز : دڵ کونکەر.
- وەروەر : جۆرە دەمانچەیەکی بە ناوبانگ بووە لەو سەردەمەدا.
- کەسدار : ئەوەی خۆی لە کەسیٚکی دیکە بە بەرپرس بزانیٚ.
- بەردەر : بەر دەرگا.
- جەمع : کۆ.
- چڵ و چۆکەر : ئەوەی قسە دیٚنیٚ و دەبا.
- نەسیحەتگەر : ئامۆژگاریکەر.
- شەکوە : شکایەت.

- عەبەس : لە خۆڕایی.
- ڕەمماز : توانجگر.
- مەلامەتگەر : لۆمەکەر.
- ئیعجاز : موعجیزە.
- سەرگەشتەگان : سەرگەردانان.
- خاکسار : خۆلآوی.
- سەردەفتەر : ئەوەی ناوی لەلای سەرەوەی هەمووان نووسرابآ.
- جوملە : بە سەریەکەوە
-

- دیار : جەمعی (دار)ە ، واتە شوێن و وڵات.
- دەیر (دێڕ) : شوێنی ڕەبەنە مەسیحییەکان.
- چڵ و چێو : چیلکە و پووش و پەڵاش.
- یەئس : نائومێدی.
- عارفە : ڕۆژی پێش جێژنی قوربان.
- لا : تەریك و بێ بەش و سەرپێچیکەر.
- شۆخ : عەیار و زۆرزان.
- خاشاك : پووش و پەڵاش ، چیلکە و چاڵ.
- ڕێش : برینداڕ.
- پەژموردە : سیس.
- سەرد : سارد.
- خەرابات : مەیخانە.
- بەدمەستی : سەرخۆشیی لە ڕادەبەدەر.

- زڕکەتاڵ : کاڵەکی کرك و نەگەیشتوو کە هێشتا تفت و تاڵە.
- موغبەر : تۆزاوی.
- شیشە : شووشە.
- پێچ و تاب : ئەڵقە و لوول خواردن.
- تورڕە : مۆری شاهانە. پێشەسەر
- قەراڵ : پاشا.
- لە دوو : لە دوا ، لە شوێن.
- مەنفوور : بێزراو.
- ماڵە پیتکێنێ : مالۆچکەی منداڵان.
- ئەدی : ئەی کەواتە.
- شەکەوە : شکایەت و سکاڵا.

- بەسەرچووم : لە سەر سەرم ڕۆیشتم و چووم.
- بەسەرچوو : بە هەڵە چووم.
- باغی حیرەت : ئەو باغەی هەموو کەس تێیدا سەرسام دەبێت ، مەبەست دنیایە.
- گلە : گلەیی.
- حین : کات.
- نەزعی ڕووح : گیان کێشان ، سەرە مەرگ.
- میحنەتخانە : ماڵی پڕ لە مەینەت و کوێرەوەریی ، مەبەست لەشی ئادەمیزاد یان دنیایە.
- قەقنەس : مەلێکی ئەفسایی یە گوایە ئەوەندە دەفڕی و بەرز دەبێتەوە تا تینی خۆر دەیسووتێنێ.
- سەقەر : دۆزەخ ، مەبەست ئاگری جودایی و دوورییە.
- موور : مێرووولە.
- پاماڵ : پێشێل ، پێ پەست.
- نامەوەر : ناودار.
- مونفەعیل : شێواو.